https://www.doi.org/10.31918/twejer.2362.06

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# بارودۆخی سیاسی و شارستانیی وڵاتی کیرپورِی لە تۆمارە کارگێڕی و ئابوورییەکانی سەردەمی ئاشوریی نوێدا (٩١١-٦١٢پ.ز.)

شیلان علی محمد

بەشی مێژوو، فاکەڵتیی ئاداب/ زانکۆی سۆران

Shilan.mohammed@soran.edu.iq

پ. ی. د. دلشاد عزیز مارف

بەشی شوێنەوار،

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

DLshad.Marf@univsul.edu.iq

## پوختە

وڵاتی کیرڕوڕی کە بە شێوەیەکی گشتی بە دەشتی هەریر و ناوچەکانی دەوروبەری دادەندرێت، لە نووسینە شاهانەییەکاندا هەر لە سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاستەوە ناوی تۆمارکراوە، و لە چەندین لەشکرکێشیی پاشایانی ئاشوریی نوێشدا ناوی تۆمارکراوە، و ژمارەیەک توێژینەوەش کەم تا زۆر باسی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەم ناوچەیە و ناوهێنانی کیرڕوڕی لەو نووسینە شاهانەییانەدا خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

جێی ئاماژەیە تا ئێستا توێژینەوەیەکی ورد و تایبەت دەربارەی وڵاتی کیرڕوڕی لە دەقە کارگێڕی و ئابوورییەکانی سەردەمی ئاشوریدا نەنووسراوە، لەگەڵ ئەوەی چەندین ئاماژەی ورد و گرنگی تایبەت بە لایەنی شارستانی و کارگێڕیی کیرڕوڕی لە تۆمارە کارگێڕییەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین کە تەواوی ئەو تۆمارە کارگێڕییە ئاشورییانە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە کە ئاماژە بە کیرڕوڕی دەکەن لە ڕووی کارگێڕی و شارستانییەوە. جۆری تۆمارەکان بەپێی ناوەڕۆکەکانیان دابەشدەکەین، و هەوڵدەدەین شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکی ئەو تۆمارانە بکەین لەگەڵ تۆمارە شاهانەییەکاندا بەراوردیان بکەین، تا لایەنی شارستانی و کارگێڕی و مێژوویی وڵاتی کیرڕوڕی زیاتر ڕوونبکەینەوە.



وشە کلیللەکان: وڵاتی کیرڕوڕی، دەقە کارگێڕی و ئابوورییەکان، سەردەمی ئاشوریی نوێ.

## باروودۆخی سیاسی و شارستانیی وڵاتی کیرڕووڕی

## لە تۆمارە کارگێڕی و ئابوورییەکانی سەردەمی ئاشوریی نوێدا (٩١١-٦١٢پ.ز.)

### پێشەکی

وڵاتی کیرڕووڕی کە ناوەکەی بە خابرووڕیش دەخوێندرێتەوە، یەکێک بووە لەو ناوچە جوگرافییە گرنگانەی نێوان شاری هەولێر (ئەربائیل) و ڕواندز، کە وەک هەرێمێکی سەربەخۆی جوگرافی و کارگێڕی بە تایبەت لە سەردەمی ئاشوریی نوێدا لە تۆمارەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

توێژینەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر چەند تەوەرەیەک بەپێی ناوەڕۆکی تۆمارە کارگێڕییە مێخییەکان. تۆمارە مێخییەکان جۆراوجۆرن، تۆمارە شاهانەییەکان، بە تایبەت ئەوانەی تایبەتن بە لەشکرکێشییە سەربازییەکان، دەکرێت، زیادەڕەوی و وردەکاری ناڕاستی تێدابێت، بەڵام تۆمارە ئابووری و کارگێڕی و ئاینییەکان زیاتر وردەکاری و زانیاریی دروستیان تێدایە، چونکە ئامانج لێیان زیادەڕوی لە دەربڕینی هێزی سیاسی و ئابووریدا نییە، بەڵکو چارەسەر و ڕێکخستنی کارگێڕی و ئابووری و سیاسییە. ئێستاش لە خوارەوە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم تۆمارانە بابەتەکانمان دابەشکردووە بەسەر چەند ناونیشانێکی لاوەکیدا، چونکە ئەم تۆمارانە وەک ناوەڕۆک هەندێکیان لەیەکتر جیاوازن.

### ١. دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵی لە کیرڕووڕی

یەکێک لە تۆمارە کارگێڕییەکان باس لە دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵی دەکات، بەداخەوە ئەو تابلێتە مێخییەی ئەم تۆمارەی لەسەر تۆمارکراوە شکاوە و بەشێک لە نووسینەکانی ناخوێندرێنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بزاندرێت ئەوەیە ئەم نووسینە هی پاشا ئاشور-ئێتێل-

ئیلانی (Aššur-etel-ilani) (٦٣١-٦٢٧پ.ز.)یە ( SAA 12, 58:4, p59). لەم نووسراوەدا وا دەردەکەوێت کە پاشا زەوی داوە بە لایەنگرەکانی تاوەکو بیکەن بە کشتوکاڵ، دواتر سوودەکەی لێ وەرگرتوونەتەوە، واتە وەکو ئەوە وایە کە زەوییەکانی خۆی بەکرێدابێت. لە دێڕی یەکەمی نووسراوەکەدا نووسراوە "زەوییەک ..." (SAA 12, 58:4, p59)، بەڵام بەشەکانی تری شکاوە و نازاندرێت مەبەستی لە زەوییەک چی بووە، یان نازاندرێت مەبەستی لە زەویی کام ناوچەیەیە. لە دێڕی سێیەمدا نووسراوە"زەوییەک لە شارۆچکەی شابارمێ" (SAA 12, 58:3, p59). ئەوەی جێگای داخە تا ئێستا شوێنی جوگرافیی ئەو شارۆچکەیە دیار نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەوا لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسی تا ئێستا لەو ناوچانەدا ئەنجامنەدراون، و شاری شابارمێ تەنها لەم تۆمارەدا ئاماژەی پێدراوە، و هیچ تۆمارێکی تر دەربارەی ئەم شارە تا ئێستا لەبەردەستدا نییە. هەر لە بەر ئەمەشە نازاندرێت ئەم شارۆچکەیە کەوتۆتە کوێوە، ئەوە یەکلاییبنەبۆتەوە کەوا سنوورە جوگرافییەکەی کەوتۆتە سنووری وڵاتی کیڕوڕی یان سنووری خۆشناوەتی یان هەر شوێنێکی تر. لە دێڕی چوارەمی هەمان تۆماردا نووسراوە "زەوییەک...." بەڵام بڕەکەی دیارینەکراوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی دێڕەکانی سەرەتای شکاوە یان هەر باسی لێوە نەکراوە. دواتر نووسراوە زەوییەک لە شاری ئێسسێتێ Essete ( SAA 12, 58:4, p5).

بەشێک پسپۆڕان پێیانوایە کە شوێنەواری شار/شارۆچکەی ئێسسێتێ دەکەوتە شەقڵاوە (Parpola & Porter, 2001, map.4)، بەڵام بۆچوونێکی تر پێیوایە دەبێت ئەم شارە دەبێت بکەوێتە ڕۆژئاوای شەقڵاوە، لە ناوچەی زرارەتی لە یەکێک لەو گردە شوێنەوارییانەی ڕۆژئاوای ڕووباری زێی گەورە، چونکە ئەم ڕێگەیە دەکەوتە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانی نێوان کیڕوڕی و شاری ئەربائیل، لەگەڵ

ئەوەشدا ئەگەر پاشا ئورزانای پاشای شانشینی موصاصیر لە گەشتەکەیدا بە ڕێگای ڕۆخی زێی گەورەدا تێپەڕیبێت، ئەوا شوێنەواری شاری ئێسسێتێ دەبێت بکەوێتە ناوچەی زرارەتییەوە، بەڵام ئەگەر ئورزانا بە ڕێی ناوچەی خۆشناوەتیدا تێپەڕیبێت ئەوا ئێسسێتێ دەکەوێتە ناوچەی شەقڵاوە (مارف، ٢٠٢٢: ١٨). بۆیە ئەکرێت بڵێین هەردوو بۆچوونەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاستبن، چونکە ڕاستە پاشا ئورزانا لە گەشتەکەیدا ناوی ئەو شار و شارۆچکانەی هێناوە کە پێیاندا تێپەڕیوە، بەڵام باسی لەوەنەکردووە کە بە کامە ڕێدا ڕۆیشتووە، چونکە بێگومان بۆ گەیشتن بە شوێنێک لە ئێستا و لە ڕابردوودا چەندین ڕێگا هەبوون، و تا ئێستاش لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان ئەوەیان نەسەلماندووە، کە ئایا ئورزانا بە کامە ڕێگادا ڕۆیشتووە، و کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکانی داهاتوو لە ناوچەکەدا لەوانەیە شوێنی ئەم شارە دێرینە لە یەکێک لە گردە شوێنەوارییەکانی ناوچەکەدا بدۆزنەوە. لە ئێستادا بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر بڵێین دەکرێت پاشا ئورزانا بە هەر یەکێک لەم ڕێگایانەدا تێپەڕیبێت، بێگومان ئەمەش ئەنجامەکە دەگۆڕێت. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی گەشتەکەی پاشا ئورزانا دەڕواندرێتە ( Lanfranchi, 1995: 130) 135_. لە بەشێکی تری تۆمارەکەدا، ناوی کەسایەتییەک هاتووە و نووسراوە (زەوییەک لە شاری ئێسسێتێ خاوەنەکەی خارماکو (**Ḫarmaku**) لەگەڵ خەڵکەکەی ...) (SAA 12, 58: 4, p59). وا پێدەچێت ئەو کەسایەتییە سەرۆکهۆزێک بووبێت، چونکە ئاماژە بە ناوی خارماکو کراوە، پاشان نووسراوە "خەڵکەکەی" واتە خەڵکی لەگەڵ بووە، وا دەردەکەوێت کەوا خەڵکەکەشی لەگەڵدا بووە، یان لە ژێر دەستدا بووە.

لە دێڕی پێنجەمدا نووسراوە" ابنی-شەڕڕو (Ibni-Šarru) لەگەڵ خەڵکەکەی"((SAA 12, 58:3, p59). ئەو کەسایەتییەش پێدەچێت سەرۆکهۆزێک بووبێت، چونکە لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەستوپێوەند و خەڵکی بەدەورەوە بووە.

## ٢- مامەڵەی ئاشوورییەکان بەرانبەر دیلەکان یاخود کۆیلەکان

یەکێکی تر لە تۆمارە کارگێڕییە گرنگەکان لیستێکە کە باس لە ڕاکردووەکان دەکات، واتە لیستێک بووە کە ناوی داواکراوەکانی تێدایە کەوا ڕایانکردووە، زۆربەی کات ئەو ڕاکردووانە لەو پیاوە ڕاگوێزراوانە یان دیلانەی شەڕ بوون کە لە ناوچەکانی ترەوە پەلکێشی وڵاتی ئاشور دەکران ((Hipp, 2021), 136-143) لە دەوڵەتی ئاشوری، بەڵام نازاندرێت کەوا ئەوانە کۆیلە بوونە یان دیل بوونە، چونکە لە نامەکەدا وردەکاریی زیاتر باس نەکراوە، ئەمەش لە دوو ئەگەر تێناپەڕێت، یان ئەوەتا لە نامەی پێشتر یان دواتردا ئاماژە بە وردەکارییەکانیان کراوە، بەداخەوە ئەگەر وابێت، ئەو نامانە تا ئێستا بەردەستنین، یان ئەوەتا هەڵگری نامەکە بە دەمی و قسەکردن وردەکارییەکانی تری پێوتوون. هەرچەندە زیاتر لەوە دەچێت کەوا دیل بووبێتن و دوای ئەوەی دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە هەڵهاتوون لە دەوڵەتی ئاشوری، لە نێو ئەو داواکراوانەدا ناوی سێ کەسایەتی هاتووە، کەوا خەڵکی شارۆچکەی ئێسسێتێی سنووری وڵاتی کیرڕوڕی بوون، هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، سنووری ئەو شارۆچکەیە کەوتبووە نێوان شاری ئەربائیل (قەڵاتی هەولێر) و وڵاتی کیرڕوڕی، بەڵام زیاتر لە سنووری کیرڕوڕی بووە ئەو کەسانەی کەوا ناویان هاتووە (ماننوا-ئاکی-لیبباڵی Mannua-aki-libbali، ئەدد-بێسسونو Adad-bessunu، [ئو]بوڕ-شێ [u]bur-še)بوون. ( SAA 11, 163, p102). واتە ئەو سێ کەسایەتییە خەڵکی شارۆچکەی ئێسسێتێ بوون و ناویان لە ناو ئەو لیستەدا بووە کە داواکراوبوون لە لایەن دەوڵەتی ئاشوورییەوە، چونکە هەڵاتووبوون لە دەوڵەتی ئاشوری. لەوانەیە هۆکاری ئەم هەڵاتنە بۆ بێبەزەیی ئاشوورییەکان بگەڕێتەوە بەرانبەر بە دیلەکانی جەنگ کە وای کردووە ئەوانە لە دەسەڵاتی ئاشوورییەکان هەڵبێن. (باقر، ٢٠١٨: ٢٨٩) بەڵام ئەگەر دیل نەبووبێتن و لە ڕاگوێزراوەکان بووبن ئەوا دەکرێت، ئەم ڕاکردنەیان

هەوڵدان بووبێت بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتیمان و ناو کەسوکاری خۆیان، ئەمەش لە یەکێک لە نامە کارگێڕییەکانی تردا باسکراوە، کە هەندێک لە ڕاگوێزراوەکان لەگەڵ ئەوەی زەوییان پێدراوە کشتوکاڵ بکەن، بەڵام هەڵهاتوون و ویستوویانە لە دەست ئاشوورییەکان هەڵبێن و لە سنووری وڵاتی میدیا و مانناوە بگەنەوە نیشتیمانی خۆیان لە شانشینی تاباڵ ( .(SAA XV 54 ri: I 7_16

هەروەک لە دەقە شاهانەییەکان و کارگێڕییەکاندا دەردەکەوێت، ئاشوورییەکان سیاسەتێکی فراوانی ڕاگواستنیان جێبەجێکردووە، و بەو شێوەیە بە سەدان هەزار خەڵکی ناوچە جیاوازەکان و شار و شارۆچکەکانی ناوچە جیاوازەکانی سنووری ئیمپڕاتۆریەتەکەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری ئیمپڕاتۆرییەتەکە ڕاگواستووە (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی گەلانی ڕاگوێزراوی سنووری ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوری دەڕواندرێتە (Oded, 1979)). لەگەڵ ئەوەشدا غەفوری ئاماژە بەوە دەکات کەوا کۆیلەکان بازرگانییان پێوە کراوە، چونکە دیلەکانی جەنگ، و ئەو منداڵانەی کە لە دایک و باوکێکی کۆیلە لەدایکدەبوون پێداویستییەکانیان پڕنەدەکردەوە، لەبەرئەوەی کاری کێڵگە و کشتوکاڵکردن و کاری دەستی و ناوماڵ وای کرد کەوا خواست لەسەر کۆیلە زۆر بێت، بۆیە لەوەوە بازرگانیکردن بە کۆیلە سەریهەڵدا، هەر لەبەر ئەو هۆکارە ناوچە جیاجیاکانی زاگرۆس سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەدەستهێنانی کۆیلە بوون، هەروەها باس لەوە دەکرێت کەوا وڵاتی ئاشوری کەمتر دیلەکانی جەنگی کردۆتە کۆیلە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تر. (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دیل و کۆیلە لە ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوری دەڕواندرێتە: غەفوری، (٢٠١٩)،ل ل.٨٢–٩٣).

## ٣- پێدانی دیاری و باج و سەرانە بە دەوڵەتی ئاشوری لە وڵاتی کیڕپوڕپییەوە

لەم تۆمارەدا باس لە خشتەی دابەشکردنی شەراب دەکرێت بۆ پەرەستگای ئاشور، واتە شەراب لە لایەن دەوڵەمەند و پیاوماقوڵانەوە بەخشراوەتە پەرەستگای ئاشور، بەم ڕێژەیەی خوارەوە؛ لە دێڕی دووەمی نووسراوەکەدا ڕێژەی شەرابەکە دیاریکراوە کە پێشکەش بە پەرەستگای ئاشور کراوە." چل باری کەر لە وڵاتی خابرپوڕپییەوە (کیڕپوڕی) لەگەڵ گۆزەیەکی زێڕ بۆ هەر ڕۆژێک، هەروەها لە شاری نەمرودەوە ٢٠ باری کەر ...هتد (SAA 12, 2: p88) ". ئەگەر بێت و سەیری ئەو دەقە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئەو بڕە زۆرە لە شەراب لە وڵاتی (کیڕپوڕی/خابڕپوڕی)ەوە نێردراوە بۆ پەرەستگای ئاشور، ئەوا زۆرترین ڕێژە هی وڵاتی کیڕپوڕی بووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەوڵەمەندبوونی ئەو ناوچانە بە بەرهەمی شەراب، چونکە ڕێژەکەی لە چاو ناوچەکانی ترەوە زۆرتر بووە، بێگومان شەرابیش لە ترێ دروستدەکرێت، ئاشکراشە کە وڵاتی کیڕپوڕی و دەورەبەری (بە تایبەت دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی) دەوڵەمەندن بە بەروبوومی ترێ. هەر ئەمەش زیاتر بۆتە هۆی چاوتێبڕینی ئاشورییەکان بۆ ئەو ناوچانە، چونکە ناوچەکانی باکووری مێسۆپۆتامیا بە گشتی دەوڵەمەندبوون بە زەویی کشتوکاڵی، هەروەها خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری ڕەز و باخ بوون (جەمیل، ٢٠٢٠: ٩٩). ئەمە تەواو پێچەوانەی وڵاتی ئاشور بوو، چونکە ڕەز و ترێ زیاتر لە ناوچە شاخاوییەکان بەرهەمیان زۆرە، بە تایبەت ئەو جۆرانەی کە شەرابیان لێ دروستدەکرێت، هەروەها لە وڵاتی ئاشور باران بە ڕێژەیەکی کەمتر دەباری و بەرهەمیان کەم بووە، ئاشورییەکان بە چەندین ڕێگە هەوڵیاندەدا ئەو کورتهێنانەیان پڕبکەنەوە وەک باج و دیاری و چەندین ناوی تر، بۆیە دەبینین جگە لە بەروبوومی تر، ساڵانە ئەو بڕە

زۆرە لە ترێ ڕەوانەی پەرەستگای ئاشور کراوە بۆ دروستکردنی شەراب.

### ٤- ڕاپەڕینی وڵاتی خابخو

لە نامەیەکی هەواڵگریی ئاشورییەکاندا باس لە ڕوودانی ڕاپەڕینێک دەکات لە وڵاتی خابخو، هەروەها باس لە کوشتنی پاشای خابخو دەکات، جێی ئاماژەیە لە نووسینە شاهانەیی و کارگێڕییەکاندا چەندین جار ناوی وڵاتی خابخو هاتووە، و لە سنوورێکی زۆر فراواندا لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەی باکووری کوردستانەوە هەتا باکووری ڕۆژهەڵاتی کیرڕوڕی، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە چەند شوێنێک هەبووە بە ناوی خابخو، لە نووسینەکاندا بەلایەنی کەمەوە دوو خابخو لە باسکردندا جیاکراونەتەوە؛ یەکێکیان، وەک ئەوانی تر هەر پێی وتراوە خابخو، ئەوەی تریشیان پێی وتراوە خابخو-شا-بیتانی (abẖu-ša-bitaniẖ)، واتە خابخوی ناوجەرگە (یان خابخوی بنە) (بۆ زانیاریی زیاتر دەڕواندرێتە RIMA II A.0.87.4: 15-17; A.0.87.1: iv 7-31; RIMA I, ) (A.0.87.1: iv 8;; Parpola and Porter 2001: map 4.;. لەوانەیە یەکێکیان بە تایبەت خابخوی بنە/ناوجەرگە شوێنی جوگرافیاکەی لە دۆڵی بالیسانی ئێستا بووبێت. پاشای ئەم ناوچەیە ژنەکەی ئورارتی بووە، ئەو هاوسەرگیرییەش لە ئەنجامی ژن و ژنخوازیی سیاسی بووە، کە زۆر باوبووە لە مێژووی دێریندا، بەڵام دوای کوژرانی پاشای خابخو، چونکە کوڕەکەی بچووک بوو، ژنەکەی جێگەی دەگرتەوە، و دەبووە پاشای خابخو، لەبەرئەوە برای مێردەکەی، ژنی پاشا (براژنەکە)ی و کوڕی براکەشی دەکوژێت، پاشان هەر خۆشی ڕێوڕەسمی ناشتنیان بۆ ئەنجامدەدا، پاشان لە ناو خەڵکیشدا وای بڵاوکردۆتەوە، کەوا ئورارتییەکان خۆیان شاژنی خابخو و شازادەکەیان کوشتووە، ئەفسەرێکی هەواڵگریی ئاشورییەکان بەم شێوەیە باس لە برای پاشای

خابخو دەکات، کە چۆن سەرپەرشتیی یاخیبوونەکەی کردووە و پاشان براژنەکەی و برازاکەشی کوشتووە، بۆ ئەوەی نەبن بە میراتگری تەختی پاشایەتیی خابخو، بە بیانووی ئەوەی براژنەکەی ئورارتی بووە، و لە ڕەچەڵەکی ئەوان نەبووە (غەفوری، ٢٠١٨: ١٢٢)، ڕاپۆرتە هەواڵگیرییەکە بۆ پاشا سارجۆنی دووەمی پاشای ئاشورییەکان نێردراوە، کە تێیدا باسی یاخیبوونەکەی خابخو و کوژرانی شاژن و شازادە دەکات:" ئێمە باش دەزانین کە تۆ ئەو ژنەت کوشتووە، ژنەکەی خابخو، دوای ئەوەی کە کوشتت خۆت ڕۆنت بەسەردا ڕۆکرد، و وتت "ئورارتییەکان شاژنەکەیان کوشت، ژنێکی ئورارتی نابێت لەسەر عەرشەکە دانیشێت (SAA, 5: 108 ;)"... غەفوری، ٢٠١٨: ل.١٢٢).

### ٥- گەشتەکەی ئورزانا پاشای شانشینی موصاصیر بۆ شاری ئەربێلا

لە تۆمارێکی گرنگی ئاشورییەکاندا کە بە داخەوە سەرەتاکەی شکاوە، باس لە گەشتەکەی پاشا ئورزانای پاشای موصاصیر دەکات بۆ شاری ئەربائیل (قەڵاتی هەولێر)، بەڵام وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆی کرد بەشی سەرەتای نامەکە شکاوە، ئەوەی کە لە نامەکەدا ماوە دێڕی دەیەمیەتی بەم شێوەیە ناوی شارەکان دێنێت تا گەیشتووەتە شاری ئەربائیل: "لە ڕۆژی دەیەم ئورزانا لە شاری ئەلامو (URU.Alamu) دەمێنێتەوە، و (لە یانزەیەم ڕۆژدا) لە شاری خیپتونا (URU.Ḫiptuni) دەبێت (لە دوانزەیەم ڕۆژدا) لە شاری موشی (URU.Muši) دەبێت (لە سیانزەیەم ڕۆژدا) لە شاری ئێسسێتێ دەبێت (لە چواردەیەم ڕۆژدا) لە شاری ئەربائیل دەبێت." (SAA 5, 136; Lanfranchi, (1995), p.131).

بە گوێرەی ئەم نووسراوەی پاشا ئورزانا بێت وا دەردەکەوێت کەوا شارۆچکەی ئێسسێتێ لە پێش هەولێر بێت، چونکە ئورزانا ناوی ئەو

شارانەی هێناوە پێش ئەوەی بگاتە هەولێر، بۆیە زۆر ڕێتێدەچێت کەوا ئەو شارۆچکەیە، کەوتبێتە سنووری وڵاتی کیرڕورپیەوە. دەربارەی شوێنی جوگرافیای ئەو شارانەی کە پاشا ئورزانا لە گەشتەکەیدا باسی کردوون. بۆچوونی زۆر جیاواز هەن دەربارەی شوێنی جوگرافیای خیپتونو (Ḫiptunu) (137-132 ,(2015) ,Marf) )، یاقوتی حەمەوی پێیوایە شوێنی شاری خیپتون دەکەوێتە سەر ڕێی ئازەربایجان، بەپێی یاقوت لە هەولێرەوە دوو ڕۆژ پێویست بووە بۆ گەیشتن بە هەفتون (خیپتون) (الحموی،١٩٩٧: ٤٥).

لە تۆمارە ئاشورییەکەدا باس لە ڕێگەی نێوان شاری موصاصیر و ئەربائیل دەکات، و ئەو شارانەش کە دەکەوتنە نێوان ئەم دوو شوێنەوە، وەک دیارە بەشێکی گرنگ لە ڕێگەکە بە وڵاتی کیرڕورپیدا تێدەپەڕی، و بە دڵنیاییەوە شاری ئیسسیتێ دەکەوتە سنووری باشووری خۆرئاوای کیرڕورپیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە توێژەران پێیانوایە کەوا خیپتون دەکەوتە نزیک هەریر، و شوێنێکیان لە باکووری خۆرهەڵاتی هەریر و لە نێوان پێچەکانی سپیلک و زێی گەورەدا وەک شوێنی شاری خیپتون دیاریکردووە (Postgate, 1976, No 29). بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی لێبێت. بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە شوێنی جوگرافیای خیپتونو زۆر لە یەکتر جیاوازن، ئەمەش زیاتر لە دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەوە سەریهەڵداوە کە پاشا سەرجۆنی دووەمی ئاشوری دوای ئەوەی کە لە هێرشەکەی بۆ سەر موصاصیر گەڕاوەتەوە، و بە خیپتوندا تێپەڕیوە، و سەرجۆن دوای تاڵانکردنی شاری موصاصیر دەڵێت لە موصاصیرەوە:" بە دەربەندی ئەنداڕوتتودا گەیشتمەوە وڵاتی ئاشور" ,III) 425.TCL).

بەڵام دەتوانین بڵێین یەک ڕێگا نەبووە لە هەولێرەوە بۆ خیپتونو، لەوانەیە چەندین ڕێگای لاوەکی هەبووبن، رادنەر پێیوایە خیپتونو

ناوچەیەکی یەکجار گرنگە لە نێوان موصاصیر و هەولێر، و چیاکانی ئەنداڕوتتو لێکیان جیادەکاتەوە.(Radner, 2012: 248)

هەرچەندە بەشێک لە توێژەران پشتیان بەستووە بە باسەکەی یاقوت بۆ پشتڕاستکردنەوەی شوێنی جوگرافیی شاری هەفتون/خەفتون (خیپتون)، بۆ نموونە هۆفمان پێیوابووە، ئەو دوو ڕۆژەی کەوا یاقوت دیاریکردبوو لە هەولێرەوە بۆ گەیشتن بە خیپتون، لە یەکەم ڕۆژدا گەیشتۆتە شقلاوە، و لە دووەم ڕۆژدا گەیشتووەتە دەشتێک، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەو بۆچوونە بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنە بۆچوونێکی گونجاو نییە، ئەویش بە گوێرەی باسکردنەکەی یاقوت، چونکە لە شەقلاوەوە بۆ گەیشتن بە هەریر یەک ڕۆژ پێویست نییە، بەڵکو تەنها چەند کاتژمێرێکە، زۆربەی توێژەران لەسەر بنچینەی باسەکەی یاقوت، بیروبۆچوونی خۆیان داڕشتووە. لەلایەکی ترەوە، خیپتونو ڕەنگە گردێکی شوێنەواریی نزیک ئەو شوێنە بێت کە ئێستا پێی دەوترێت هاودیان، بە تایبەت گردی دبۆرە لەسەر ڕووباری باڵەکیان لە خۆرهەڵاتی هاودیان (گەلاڵی و مارف، ٢٠١٨: ل.١٣٤).

سەبارەت بە (چیای ئەنداڕوتتو)ش بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە لایەن توێژەران و مێژوونووسان، رادنەر پێیوایە ئەندروتو بریتییە لە چیای برادۆست کە کەوتۆتە نێوان بەشی خۆرهەڵاتی کەناراوەکانی زێی بچووک (Radner,2012:248)، بەڵام مارف پێیوایە کەوا ئەنداڕوتتو چیای هەندرێنە، ئەو پێیوایە کەوا چیای ئەنداڕوتتو شاری موصاصیر و شاری خیپتونو لەیەکتر جیادەکاتەوە (Marf, 2015: 138).

جێی ئاماژەیە تا ئێستا شوێنەواری شاری خیپتونو و ئێسسێتێ نەدۆزراونەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە شاری ئێسسێتێ دەکەوتە سنووری وڵاتی کیرڕوڕییەوە، و بەپێی تۆماری ئەم گەشتەی ئورزانا، ئێسسێتێ دوا شار بووە لە ڕێگەی گەشتەکەیدا بۆ

گەیشتن بە شاری ئەربائیل لە شاری موصاصیرەوە. هەروەها دەربارەی خیپتونو تا ئێستا شوێنەوارەکەی ساغنەکراوەتەوە. هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێین کە گەشتەکەی ئورزانا ناکرێت وەک گەشتێکی کاروانچی یان ئاسایی لێی بڕواندرێت، چونکە ئەو زۆر بە هێواشی هاتۆتەخوارێ بەرەو شاری ئەربائیل، و دوو هەفتەی پێچووە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە گەشتەکە ڕاستەوخۆ نەبووە، و بەڵکو پێویستی بەوە بووە کە سەردانی میری ئەو شارانە بکات، تا باج و سەرانەیەکی زۆر بۆ ئاشورییەکان بە دیاری بەرێت، بۆ ئەوەی پەیکەری خواوەند خالدی و باگبارتوی ژنی، کە سارجۆنی ئاشوری لە پایزی ساڵی ٧١٤پ.ز.دا بە تاڵانی بردبوونی، بیانگێڕێتەوە بۆ پەرستگەی خواوەند خالدی لە شاری موصاصیر، لەبەرئەوە ماوەی چواردە ڕۆژی پێچووە تا شار بە شار گەڕاوە، و میر و فەرمانڕەوای ئەو شارانەی بینیوە و دیاری و باجەکانی کۆکردۆتەوە.

## ٦- کڕینی دانەوێڵە لە شاری خیپتونەوە بۆ نەمرود لە ڕێگەی بەلەمەوە بە ڕووباری زێی گەورەدا

لە تۆمارێکی تری ئابووریی ئاشوریدا، کە لە شاری کەلخو (نەمرود)ی پایتەختی ئاشورییەکان تۆمارکراوە، باس لە کڕینی گەنم دەکات لە شاری خیپتونو و گواستنەوەی گەنمەکە لە ڕێگەی ڕووباری زێی گەورەوە بە بەلەم بۆ شاری نەمرود، و تەنانەت گرێبەستی کڕینی گەنمەکە و نرخی گواستنەوەکەشی دیاریکراوە، و دەقەکە بەم شێوەیە باس لەم مامەڵە بازرگانییە دەکات و سەرەتای نامەکە مۆرکراوە بە:

"مۆری ئیم-گار-ی، و تورصی-ئیشتار، کوڕی خاڕوێن، ٥٦ شیقڵ (مسقاڵ)ی زیو بۆ ئێنوڕتا-ئایلی-ئیدان، باتودانی، نابی-نائیدی قوتی، ئەوەی کە لە خزمەت/ بەردەستیاندابوو. پێویستە دانەوێڵەکە لە شاری خیپتونو ڕادەستبکەن، بەپێی پێوانە و مامەڵەی هەرێمی نامەبەری کۆشک، بەپێی پێوەری ئاشورییەکان ٨ قا بە یەک سوتو. ئەگەر ڕادەستی نەکەن،

هەردووکیان دەبێت بڕی قیمەتی ١٠ مەن زیو بێنن، بەپێی پێوەر و قیمەتی سوبارتو. ئیمگاری دەبێت کەلوپەلی کاروانییەکان دابگرێت و لێیان وەربگرێت. شایەتەکان، ڕۆژی ١٤ی شوبات، ساڵی فەرمانڕەوایی لیمو نابو-شار-ئوصوڕ. (دەوروبەری ساڵی ٦٨٤پ.ز.)." Postgate, 1976, No. 29, Rev. 12 ;Marf, (2015), p.128)

دەشتی هەریر و دەشتی دیانا هەردووکیان دوو دەشتی بەپیتن بۆ کشتوکاڵی دانەوێڵە، کڕینی گەنمی شاری خیپتون و بردنی بۆ شاری نەمرود، ئاماژەیە بۆ بەپیتی و گرنگیی ناوچەکە، و گواستنەوەشی بە بەلەم لە ڕۆژئاوای وڵاتی کیرڕوڕییەوە بۆ شاری نەمرود بە ڕێگەی ڕووباری زێی گەورەدا، گرنگی بازرگانیی ئاوی ڕۆژئاوای کیرڕوڕی دەردەخات کە لەوکاتەدا گواستنەوە و بازرگانیی ئاوی لەم ناوچەیەدا بەرەو نەمرود و نەینەوا هەبووە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا ئەو هۆکارە ئاسانەی گواستنەوەی ئاوی لەم ناوچەیەدا بەکارنایەت.

## ٧.ڕاگواستنی بتی خواوەندەکانی وڵاتی بابل بۆ شاری ئێسسێتێ

لە تۆمارێکی دەگمەنی ئاشوریدا باس لەوە کراوە کەوا سەنحاریب (٧٠٤_ ٦٨١ پ. ز.) بتی خواوەندەکانی وڵاتی بابلی بۆ شاری ئێسسێتێ ڕاگواستووە، سەنحاریبی پاشای ئاشوری هێرشی کردووەتە سەر وڵاتی بابل، و شاری بابلی وێرانکرد، بە تایبەت پەرستگە و زەقورەی خواوەند مەردوخ، هەروەها چەندین پەرەستگەی تریشی وێرانکرد ( Grayson & Novotny, 2012, p.11). هەروەها سەنحاریب پەیکەری بەشێک لە خواوەندەکانی بابلی بۆ ناوچەی وڵاتی کیرڕوڕی ڕاگواست، و بە تایبەت بۆ نزیک شاری ئێسسێتێ، و لەوێ پەرەستگەیەک یان ژوورێکی بۆ دروستکردوون، شایەنی باسە ئەو پەیکەرانە لەیەک شاری بابلەوە نەهێندرابوون، بەڵکو لە چەندین شاری بابلییەوە کۆکراونەتەوە، کە گرنگترینیان پەیکەری خواوەند مەردوخ بووە، بەڵام تا ئێستا ئەوە ڕوون

نییە، کە ئایا ئەو بتانە لە سنووری ئێسسیێتێ پەرستراون یان نا، تەنها ئەوەی ڕوونە، لە سەردەمی ئەسەرحەدونی کوڕی پاشا سەنحاریبدا، ئەم تۆمارە نووسراوە، و نوێنەری ئەسەرحەدون کاتێک سەردانی ئێسسیێتێی کردووە، ئەم تۆمارە (نامەیە)ی بۆ ئەسەرحەدون نووسیوە، و پێشنیازی کردووە، کە بتەکان بۆ وڵاتی بابل بگێڕێتەوە، ئەمەش تاوەکو پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ئاشوری و بابلییەکان باشتر بکات:

"مارات-سین(خواوەندی) شاری ئێریدو، مارات-سین (خواوەندی)شاری نێمێد-لانگودا، (خواوەند) ماڕات-ئێریدو، (خواوەند) نێرگال، (خواوەند) ئامورڕو، (خواوەند) لوگالباندا."(.(Fales 1980: 140

وەک ئاشکرایە سەنحاریب شاری بابلی وێرانکرد، بەڵام ئەسەرحەدون ویستی ئەوەی باوکی تێکیداوە ئەو چاکیبکاتەوە، و زەقورە و پەرستگەکانی بابلی دروستکردەوە .(ARAB II 659C)

بەڵام تا ئێستا بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەردەست نییە کە باس لەوە بکات کە ئایا بە ڕاستی ئەم پەیکەرانە گەڕێندراونەتەوە وڵاتی بابل یاخود نا، بەڵام بۆ ئەسەرحەدون پێویست بوو لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی پەرەستگاکان و زەقورەکەی بابلدا کە سەنحاریبی باوکی وێرانیکردبوون، ئەویش نۆژەنیدەکردنەوە ئەو دڵسۆزییە نیشانبدات و دڵی خەڵکی بابل بەدەستبهێنێتەوە.

## ٨- ڕۆڵی ژن لە وڵاتی کیرڕوڕیدا

لە تۆمارێکی تری سەردەمی ئاشوریی نوێدا، باس لە ژنە کاهینێک کراوە، کە مژدەیەکی دڵخۆشکەر بە پاشا ئەسەرحەدون دەدات. کاهینەکە ناوی (ڕێموتی-ئەللاتتی ( Remutti-Allati ) یە، کە کاهینەی

پەرستگای عەشتاری ئەربائیل بووە مژدەی ئەوە بە پاشا دەدات کە داهاتوویەکی باش و خۆش چاوەڕێیان دەکات و دەڵێت:

""پاشای خۆم ئەسەرحەدون دڵخۆش دەکەم، شاری ئەربائیل دڵخۆش دەکەم، لە دەمی ریموتی ئەللانتی شاری دارئاهویا لە نێو شاخەکان" (SAA 9: 1.3: 11-13).

تا ئێستا شوێنی شاری دارا-ئاهویا نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو دەقەی ئەو کاهینەیەی پەرەستگای عەشتاری ئەربێلا بکەین، باس لەوە دەکات کەوا شاری دارا-ئاهویا شارێکە لە نێو شاخەکان، بۆیە پێدەچێت شوێنێک بێت، لە ناو چیاکانی نزیک هەولێر بێت، واتە دەکرێت لە وڵاتی کیرڕوری بێت، چونکە وڵاتی کیرڕوری ناوچەیەکی شاخاوی بووە، و نزیک بووە لە شاری ئەربائیل، کە پەرستگەی خواوەند عەشتاری لێبووە و ئەم ژنە کاهینەش کاهینی ئەو پەرستگەیە بووە. هەروەها شتێکی تر کە لەو دەقەدا گرنگە، ئەوەیە کەوا ئەو دەقە گرنگی و ڕۆڵی ئافرەتمان لە مێژووی دێریندا بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەگەر لەو دەقە وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو ئافرەتە توانیویەتی ببێت بە کاهینەی پەرەستگای عەشتار لە ئەربائیل، بێگومان ئەو چینەی کۆمەڵگای ئەو کاتیش، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە. لە هەمانکاتدا توانیویەتی بە پێشبینییە دڵخۆشکەرەکانی، خۆی لە پاشا ئەسەرحەدون نزیکبکاتەوە، و دڵخۆشی بکات، چونکە مژدەی ئەوەی بە پاشا دابوو، کە داهاتوویەکی باش چاوەڕێی پاشا و وڵات دەکات.

## ئەنجامەکان

جگە لە تۆماری لەشکرکێشیی پاشایانی ئاشوری بۆ سەرناوچەکە، وەک لەم توێژینەوەیەدا ڕوونمانکردەوە، چەندین نامە و تۆماری کارگێڕی و بازرگانی و ئاینی و سیاسی لە شێوەی نامە، تۆماری کارگێڕی، ئاینی، و سیخوڕی دەربارەی خەڵک و شار و شارۆچەکە و بەرهەمەکانی وڵاتی کیڕڕوڕی و دەوروبەری لە تۆمارە ئاشورییەکاندا تۆمارکراون. ناوەڕۆکی تۆمارەکان جۆراوجۆرن، دەربارەی زەوی و زار، باج و سەرانە، شەراب، فاڵگرتنەوە و کاهین، ڕێگەی بازرگانی دانەوێڵە و هاتوچۆ، شارەکانی سنوورەکە.

بوونی ئەم تۆمارانە، گرنگیی ئابووری و هەڵکەوتەی ستراتیجیی ناوچەکە لەو سەردەمەدا دەردەخات. و ئەو وردەکاری و زانیارییانە لە سەدەکانی ٩ بۆ ٧ی پ.ز. نە لە سەردەمەکانی پێشتر و نە لە سەردەمەکانی دواتردا بەدیناکرێن، ئەمەش گرنگیی ئەم تۆمارانە دەخاتەڕوو. دۆزینەوەکانی داهاتوو لەوانەیە چەندین نامە و تۆماری مێخیی هاوسەردەم و پەیوەست بەم بابەتانە لەم ناوچەیەدا دەربخەن، چونکە ئەو نامە و تۆمارانە هەندێکیان پەیوەستن بە نامە و تۆماری ترەوە، کە لەوانەیە لە شار و شارۆچکەکانی وڵاتی کیڕڕوڕیدا لە شوێنەوارەکانی ناوچەکەدا بدۆزرێنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


- الحموي، ياقوت للشيخ الامام شهاب الدين ابي عبدلله ياقوت بن عبدلله الحموي الرومي البغدادي (١٩٧٧)، جزء الثاني، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

- باقر، تەها (٢٠١٨)، سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان - کورتەیەک لە مێژوی شارستانیەتی نێوان دوو ڕووبار، و/ عوسمان عەزیز عەللاف و ئەفراسیاب ڕەشید کەریم، بەرگی یەکەم، تەهران.

- جەمیل، کەلسومە (٢٠٢١) مێژووی دێرینی کورد، چاپی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

- غەفوری، (٢٠١٩)، شوێنەوار و کەلەپووری کوردستان. ئامادەکردنی/ زێدان ڕەشید برادۆستی و هاوکارانی، پڕۆسیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی، ٢٩ – ٣٠ نیسان، هەولێر.

- غەفوری، ڕێزان قادر عبدالله، (٢٠١٨)، شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر-اربیل. ئامادەکردنی/ زێدان رەشید برادۆستی و دلشاد عزیز زاموا، پڕۆسیدینگی دووەمین کۆنفڕانسی زانستی نێودەوڵەتی، ٨ – ٩/ ئایار، هەولێر.

- گەلاڵی و مارف، (٢٠١٨)،شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر-اربیل. ئامادەکردنی/ زێدان رەشید برادۆستی و دلشاد عزیز زاموا، پڕۆسیدینگی دووەمین کۆنفڕانسی زانستی نێودەوڵەتی، ٨ – ٩/ ئایار، هەولێر

- مارف، (٢٠٢٢)، ڕەسەنایەتیمان ڕەگی ناسنامەبوونمانە. ئامادەکردنی/ هەڵمەت بایز ڕەسول و سەرباز مەجید خۆشناو، پڕۆسیدینگی

سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەنتەری هەندرێن بۆ زمان توێژینەوەی کەلتووری/ زانکۆی سۆران و یەکەمین کۆنفرانسیی نێودەوڵەتیی ئینیستیتیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی.

### سەرچاوە بیانییەکان


- Fales, F. M. 1980. “New Assyrian Letters from the Kuyunjik Collection.” AfO 27: 136-153.

- Fales, F. M., and Postgate, J. N., 1995, *Imperial Administrative Records, Part II: Provincial and Military Administration*. = SAA 11. Helsinki.

- Fuchs, A. and S. Parpola, 2001, *The Correspondence of Sargon II, Part III: Letters from Babylonia and the Eastern Provinces* =SAA 15. Helsinki.

- Grayson, A. K., 1987, Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium B.C. (to 1115 BC), (The Royal Inscriptions of Mesopotamia: Assyrian Periods 1) = RIMA I, Toronto - Buffalo – London.

- Grayson, A. K., 1991, Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 1 (1114-859 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I), = RIMA II, Toronto - Buffalo – London.

- Grayson, A. Kirk, and Novotny, Jamie, 2012, The Royal Inscriptions of Sennacherib, King of Assyria, Part 1 (704–681 BC(, RINAP 3/1, Indiana, USA.

- Hipp, Krzysztof, (2021) “For Each Runaway Assyrian Fugitive, Let Me Replace Him One Hundred-Fold”:In (eds.): KATRIEN DE GRAEF & ANNE GODDEERIS, Law and (Dis)Order in the Ancient Near East: Proceedings of the 59th Rencontre Assyriologique Internationale Held at Ghent, Belgium, 15–19 July 2013, pp. “For Each Runaway Assyrian Fugitive, Let Me Replace Him One Hundred-Fold”, pp. 136-143.

- Kataja, L., and Whiting, R., 1995, Grants, Decrees and Gifts of the Neo-Assyrian Period = SAA 12. Helsinki.

- Lanfranchi, G. B. and Parpola, S., 1990, The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces = SAA 5. Helsinki.

- Lanfranchi, G. B., (1995), Assyrian Geography and Neo-Assyrian Letters. The Location of Ḫubuškia Again,” In: Liverani, M. (ed.), Neo-Assyrian Geography, Roma: Università di Roma “La Sapienza” Dipartimento di Scienze storiche, archaeologische e antropoliche dell’Antichità Quaderni di Geografia Storica: 5: 127-137.

- Luckenbill, D. D., 1927, *Ancient Records of Assyria and Babylonia*, II, = ARAB II, Chicago.

- Oded, B. 1979. Mass Deportations and Deportees in the Neo-Assyrian Empire, Wiesbaden.

- Marf, Dlshad, A., (2015), “Re-identifying the City of Hiptunu Town and the Andaruta Mountain,” Akkadica 136/2, pp.127-140.

- Parpola, S., 1997, Assyrian Prophecies, State Archives of Assyria= SAA 9. Helsinki.

- Parpola, S. & Porter, M. 2001. The Helsinki Atlas of the Near East in the Neo Assyrian Period, Helsinki.

- Postgate, J. N., 1976, Fifty Neo-Assyrian Legal Documents, Warminster, Wilts.

- Radner, K., (2012),“Between a Rock and a Hard Place : Muṣaṣir, Kumme, Ukku and Šubria – the Buffer States Between Assyria and Urarṭu,” in KROLL, S. et al., (Eds.), Biainili-Urartu, Proceedings of the Symposium held in Munich 12-14 Octobe 2007 (= Acta Iranica 51), Leuven. 243-264.

- Thureau-Dangin, F., 1912, Une Relation de la Huitieme Campagne de Sargon (= TCL III), Paris.

# The Political and Cultural History of the land of Kirruri in the Neo-Assyrian Administrative and Economic Records (911-612 BC)


## Abstract

The land of Kirruri is generally located in the Harir plain and its surrounding areas, and we hear about their campaigns in Kirruri and the districts beyond its passes in the royal inscriptions of the Middle and Neo-Assyrian kings, as well as in the Assyrian limmu, which refers to several governors of Kirruri who were appointed by the Assyrian kings. Many studies were conducted on the geography of Kirruri and its surrounding areas.

This paper will be the first to deal with all the Assyrian administrative and economic records in this region.

In this paper, we will deal with a number of research questions, to see how many Assyrian administrative and economic records deal with this region. What are the contexts of these records, and will we attempt to analyze their political and cultural contexts?



Key words: The land of Kirruri, administrative and economic records, Neo-Assyrian period.

# التاريخ السياسي والثقافي لبلاد كيروري في السجلات الإدارية والاقتصادية في العصر الآشوري الحديث (٩١١-٦١٢ ق.م.)

**الملخص**

تقع بلاد كيروري بشكل عام في سهل حرير والمناطق المحيطة بها في الجبال الشرقية لمدينة اربيل، ذكرت المنطقة في النصوص الملكية عن الحملات العسكرية الاشورية الوسيطة و الحديثة في كيروري والمناطق الواقعة وراء ممراتها في، وكذلك في قوائم الليممو الآشورية. التي تشير إلى عدد من المحافظين الاداريين لبلاد كيروري، الذين عينهم الملوك الآشوريون. أجريت العديد من الدراسات حول جغرافية كيروري والمناطق المحيطة بها.

ستكون هذا البحث الأولى التي تتناول جميع السجلات الإدارية والاقتصادية الآشورية حول هذه المنطقة.

في هذا البحث، سوف نتعامل مع عدد من الأسئلة البحثية، لمعرفة عدد السجلات الإدارية والاقتصادية الآشورية التي تتعامل مع هذه المنطقة. و ما هي سياقات هذه السجلات، و سنحاول تحليل سياقاتها السياسية والثقافية؟

الكلمات المفتاحية: بلاد كيروري، السجلات الإدارية والاقتصادية ، العصر الآشوري الحديث.